پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کفن کرا لە چەند جلێکی سپی یەمەنی، نە لە جلی قۆڵدار کفن کرا ونە عەمامەی لەسەر بوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کفن کرا لە چەند جلێکی سپی یەمەنی، نە لە جلی قۆڵدار کفن کرا ونە عەمامەی لەسەر بوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی شێوازی کفن کردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات وباسی ڕەنگ وژمارەی ئەو جلانە دەکات کە پێی کفن کرا ئەویش بریتی بوو لە سێ پارچە جلی سپی کە لە یەمەن دروستکرا بوو، وچەند پارچە جلێکی تر، وپۆشینی مردوو دەبێت زیاتر گرنگی پێبدرێت چونکە ئەو لاشەیە سپاردەیە وئەمانەتە وهەروەها ناوبانگ وکەسایەتی ئەو مردووە دەبێت بپارێزێت بەم پۆشینە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5319